# زیادکردنی ڕێژەی خانمان لە ناوەندەکانی بڕیاردا بە ڕێکارێک بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی هەژمار دەکرێت



**توێژینەوەکان سەلماندوویانە لە پۆستە ئیداری و باڵاکاندا ئافرەتان زۆر زیاتر لە پیاوان لە گەندەڵی دوور بوون و کاری بەرچاویشیان کردووە، چالاکانی مەدەنییش کەمبوونی ڕێژەی ئافرەت لە پۆستە گرنگەکانی حکومەتدا بە کەلێن و کەموکورتییی گەورە هەژمار دەکەن و داواکاریشن گرنگیی زیاتر بە تواناکانی ئافرەتان لە پۆستە وزاری و باڵاکاندا بدرێت. جەختیش لەوە دەکەنەوە کە لە کوردستاندا دەرکەوتنی ئافرەت وەك سەرکردە لە بواری سیاسی، ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆر کەمی هەیە، بەڵام هەر ئەو ژمارە کەمەی خانمی سەرکردە ئەگەر ڕۆڵێکی باشتر لە پیاوانیشیان نەگێڕابێت، ئەوا لانیکەم بە ئەندازەی هەندێك لەوان هەڵەی سیاسی و لادانی کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی داراییان نەبووە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا د. خانزاد ئەحمەد، کە پسپۆڕی یاسای دەستووورە هێما بۆ ئەوە دەکات کە «چەمکی گەندەڵی بریتییە لەو کارانەی کە کەسایەتییەکان و ئەوانەی پێگەیەکیان لە دەسەڵاتدا هەیە، بە دەستناپاکی بۆ ی کەسی خۆیان بەکاری دەهێنن.» هاوکات دەڵێت: «گەندەڵی دوو جۆری هەیە، یەکێکیان بچووکە و کەمتر کاریگەری لەسەر تاکەکان هەیە، ئەوی دیکەیان گەندەڵیی گەورە و زلە و کاریگەریی نەرێنی و ڕاستەوخۆ و درێژخایەنی لەسەر کۆمەڵگە و وڵات هەیە. دیارە هۆکارەکانی گەندەڵی زۆرن، گرنگترینیان چاوچنۆکیی کەسەکان و لاوازیی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و پابەندنەبوون بە بەهاکانی ئەخلاقی و سەروەرنەبوونی یاسایە، هەروەها لاوازبوونی یاسا و ڕێساکانی دژ بە گەندەڵی و چاوپۆشیکردن و دابەزینی ئاستی وشیاری و نەبوونی بوێری لەلایەن خەڵکەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵکاران و نەبوونی ئیرادەی سیاسیی بەهێز بۆ نەهێشتن و بنەبڕکردنی گەندەڵی زەمینەی گەندەڵی خۆش دەکەن».

د. خانزاد ڕایوایە: «ئەگەرچی ڕێژەی خانمان لە نێو پارت و هێزە سیاسییەکان بەراورد بە ڕابردوو گۆڕانێکی چەندایەتی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش نیشانە و ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەی سیاسی، بەڵام ئەوەی هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە ڕۆڵێکی کاریگەریان نەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکان بەتایبەت لەسەر بنەمای دەستپاکی و شیاوی و لێهاتوویی، ئەمەش لەسەر ئاستی کۆمەڵگە مەدەنییەکانیش هەر هەمان گرفت بەدەی دەکرێت.» گوتیشی: «پێویستە یەکسانیی جەندەری هەبێت لە ناوەندەکانی بڕیار و بە واتا بە دەر لە ڕەگەز، مرۆڤەکان وەك یەك پەروەردە بکرێن و کەسانی سیاسەتمەدار لە هەر دوو ڕەگەز دروست بکرێن. بەڵام لەم دۆخەدا بە ڕای من ئافرەتان لە کوردستان تا ماوەیەکی دوور و درێژ پێویستیان بە سیستەمی کۆتا و پیشتگیریکردن هەیە بۆ دانانیان لە ناوەندەکانی بڕیار، ئەوەشی لەسەر حکومەتە دارِشتنی سیاسەتە لەسەر بنەمای بەڵگە بە پێوەرە جیهانییەکان بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی گەندەڵی، لەسەر ئەو سیاسەت و بنەما و پرەنسیپەش دەبێت دیاری بکرێت کە کامەیان دەستپاکترە لە هەموو لایەنەکانەوە، چونکە دەستپاکی زۆر فراوان و فرەڕەهەندە. ئەوەی لە ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو بەدی دەکرێت، چ بە مەبەست بێت، یان نا، ئەوە بووە کە سیستەمی چاودێری و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون زۆر لاواز بووە، ئەمەش بۆتە دەرفەتێك بۆ هەندێك لە جێبەجێکارانی پرۆژەکان کە بە ئارەزووی خۆیان گەندەڵی بکەن، هەندێ جاریش ئیرادەی گەندەڵی نەبووە، بەڵکو ناشارەزایی و نەزانین بۆتە هۆکاری بەهەدەردانی کات و موڵکی گشتی، هەروەها کەمیی سەرچاوەی مرۆیی و کەم ئەزموونی بۆتە هۆکار بۆ تەشەنەسەندنی گەندەڵی.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە زیادکردنی ڕێژەی خانمان لە ناوەندەکانی بڕیاردا تا چەند دەتوانێت ڕێژەی گەندەڵی کەم بکاتەوە؟ گوتی: «هەرچەندە لە ئەزموونی وڵاتان دەرکەوتووە کە ئافرەتان لە کایەی حوکمڕانی و ئیداری دەستپاکتر بوون لە پیاوان (وڵاتی توونس بۆ نموونە)، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵکاران و ڕاوەستان لە بەرامبەر هێزی گەندەڵیدا بێ توانا و دەستەپاچە بوون، سەباری ئەوەی ئافرەتان قوربانی و زەرەرمەندی گەورەی گەندەڵین. لە کۆتاییدا جەخت دەکەمەوە لەسەر باڵانسی جەندەری لە هەموو ناوەندەکانی بڕیار لە کایەکانی سیاسەت و حوکمڕانی و ئیداری، لە هەمان کاتدا جەخت دەکەمەوە لەسەر دانانی سیاسەتێك بە پێوەری

**گەندەڵی دوو جۆری هەیە، یەکێکیان بچووکە و کەمتر کاریگەری لەسەر تاکەکان هەیە، ئەوی دیکەیان گەندەڵیی گەورە و زلە و کاریگەریی نەرێنی و ڕاستەوخۆ و درێژخایەنی لەسەر کۆمەڵگە و وڵات هەیە**

**هۆکارەکانی گەندەڵی زۆرن، گرنگترینیان چاوچنۆکیی کەسەکان و لاوازیی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و پابەندنەبوون بە بەهاکانی ئەخلاقی و سەروەرنەبوونی یاسایە**

**ئافرەتان لە کوردستان تا ماوەیەکی دوور و درێژ پێویستیان بە سیستەمی کۆتا و پیشتگیریکردن هەیە بۆ دانانیان لە ناوەندەکانی بڕیار**

**لاوازبوونی یاسا و ڕێساکانی دژ بە گەندەڵی و چاوپۆشیکردن و دابەزینی ئاستی وشیاری و نەبوونی بوێری لەلایەن خەڵکەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵکاران و نەبوونی ئیرادەی سیاسیی بەهێز بۆ نەهێشتن و بنەبڕکردنی گەندەڵی زەمینەی گەندەڵی خۆش دەکەن**

**ئەگەرچی ڕێژەی خانمان لە نێو پارت و هێزە سیاسییەکان بەراورد بە رابردوو گۆڕانێکی چەندایەتی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش نیشانە و ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەی سیاسی، بەڵام ئەوەی هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە ڕۆڵێکی کاریگەریان نەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی**

**سیستەمی چاودێری و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون زۆر لاواز بووە، ئەمەش بۆتە دەرفەتێک بۆ هەندێک لە جێبەجێکارانی پرۆژەکان کە بە ئارەزووی خۆیان گەندەڵی بکەن، هەندێ جاریش ئیرادەی گەندەڵی نەبووە، بەڵکو ناشارەزایی و نەزانین بۆتە هۆکاری بەهەدەردانی کات و موڵکی گشتی**

نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پاداشتی دەستپاکی، نەوەك تەنیا لە سەر بنەمای ڕەگەز».

ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەنی کاروباری خانمان، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «سەرەتا بەرلەوەی باس لە بەشداریی سیاسیی ژن بکەین، دەبێت سەرەتا لەوە تێبگەین ئێمە لە کوێ دەژین و باس لە کام جۆری سیاسەتکردن دەکەین. ئایا ئێمە بە ڕاستی لە فەزایەکی سیاسی بە مانا زانستییەکەی سیاسەت دەکەین، یان بە ناوی سیاسەتەوە لە فەوزایەکی سیاسیدا دەژین و خاڵییە لە زانست و مەعریفەی سیاسی و نەك ژنان، بەڵکو پیاوانیش لە ڕووی جۆرییەوە کەمن کە ڕۆڵیان هەیە لەو سیاسەتکردنە و بەشێکی سەرەکی نین لە داڕشتن و دروستکردنی بڕیار، بۆیە کاتێك باسی بەشداریی سیاسیی ژن دەکەین، بە بڕوای من جگە لە جوانکردن و دروستکردنی تابلۆیەکی جوانی سیاسی و ڕەوایەتیدان بە هەندێ بنەما، شتێکی دی نییە. لەبەر ئەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە بڕیاری سیاسیدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی بنەماکانەوە بەشدارییان پێ دەکرێت، نەك بەشدار بن بە مانایەکی واقیعی، یان وەك هاوبەشێکی سەرەکی و گرنگ بەشدارییەکی کردارییان هەبێت لە داڕشتنی سیاسات و ستراتیژەکان و هاوبەشی سەرەکی بن لە دروستکردنی بڕیار و جێبەجێکردنیان، بۆیە دەبینین تا ئیستاش خانمی سیاسەتمەداری بەتوانا و خاوەن پێگە و دەسەڵاتمان نییە. من باسی لایەنە گشتییەکەی دەکەم، نەك بە ڕەهایی، چونکە لە ڕووی ژمارەییەوە زۆر کەمن، ئەو ژنانەی کە توانیبێتیان خاوەنی خۆیان بن و بە مانا زانستییەکەی هەڵگری خەسڵەت و مەعریفەیەکی سیاسیی جیاواز لە سیاسەتە باوە ناپەسەندەکە بن، کە کاریگەرییان دروست کردبێت و مانا و وێنایەکی جیاوازیان لە فەوزا سیاسییەکە نمایش کردبێت. بۆیە ژنان لە ڕووی چەندایەتییەوە لە پرۆسەکانی خۆپاڵاوتن و دەنگدان و سەرخستنی لیستە رکابەرەکان ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەیان گێڕاوە، بەڵام لە ڕووی بەشداری و هاوبەشیی سەرەکی لە پڕۆسەی سیاسی نەك بەشێك نین لە پرۆسەی سیاسی، بەڵکو تەواوکاری پرۆسە نازانستییەکەن و لە ناو ئەو فەوزایەشدا لە پەراوێز و پاشکۆیی سیاسییەکانەوەن. کاتێکیش باس لە نیوەی کۆمەڵ دەکرێت، بە بڕوای من ئەوە لە ڕووی بایەلۆجییەوە تەواوە نیوەی کۆمەڵن و لە هەندێك لە وڵاتان لە نیوەش زیاترن، بەڵام کاتێك باس لە کۆمەڵ دەکەین، بە بڕوای من نیوەکەی ژنانیش تەواکەری نیوەکەی پیاوانن و لێرەوە کۆمەڵگەیەکی ڕەگەزی خاوەن یەك بیرکردنەوەو ئایدیای سەپێندراو دەبێت کە نیوەکەی ژنانیش هەڵگری هەمان بیرکردنەوە و ئایدیان و زۆر جار ڕێژەی ژنان کە دەبنە پارێزەر و ڕەوایەتیدان بە بەردەوامبوونی ئەو جۆرە لە ژیانکردن، کەمتر نییە لە بیرو فەلسەفەی پیاوان بۆ ڕەوایەتیدان بەم جۆرە لە ژیانکردن کە بریتییە لە تواندنەوەی ڕەگەزی بەرامبەر و منی باڵای ڕەگەزسالاری دەبێتە جێگرەوە و هیچ مانایەکی بۆ بیر و رای جیاواز و فرەڕەنگی و دیالۆگ و بەرجەستەکردنی ئەو پرەنسیپەی کە دەڵێت هیچ شتێك ڕەها نییە، بە نموونە ئازادیی کەسێك تا ئەو سنوورەیە کە ئازادیی کەسێکی دی دەستپێدەکات. کەواتە ئایا ئێمە بە هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاوەوە لە مانا و خەسڵەتەکانی ئازادی گەیشتووین، یان خۆمان بووینەتە بەرگدرووی ئازادییەکان بە باڵای خۆمانی دەدوورین و لە دەرەوەی خۆمان پاساو بۆ ناڕەوابوونی هەموو بنەماو بەهاکانی ژیان دەهێنینەوە. کەواتە ئێمە هێشتا ئەو قۆناغەمان تێنەپەڕاندوە، ئێمە هێشتا هەڵگری کولتوورێکی باوی ناپەسەندین کە مانایەکی پیاوانەی داوەتە سیاسەت وەك ئەوەی تەنیا پیاوان دەتوانن سیاسەت بکەن. واتە ڕۆڵ و ئەرکەکانمان بە ڕەگەزی کراوە و ڕۆڵەکان دابەشکردنێکی ڕەگەزییە لە سەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە باوەیە کە ژن سۆزدارە و بە دڵ بیر دەکاتەوە و ناتوانێت لە ئاستی بڕیاری سیاسی و ئەو ئەرکە گەورەیەدا بێت. وەك ئەوەی پیاوان توانیبێتیان وێنایەکی جوان و پڕبەهای سیاسیمان پێشان بدەن.

ئەمەل جەلال رایوایە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش هێشتا ئەو تێڕوانینە ڕەگەزییە ئامادەیی هەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «گەورەترین زلهێزی دنیا کە ئەمریکایە تا ئیستا نەیتوانیوە خۆی لەو هەژمونە ڕەگەزییە رزگار بکات و دەرفەت بداتە ژنێك سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی بکات، ولاتانی ئەورووپاش لە ڕووی ڕێژەوە زۆر کەمترە لەو ڕێژەیەی کە پێویستە هەبێت. هەر بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوو هەزارەکان دەستەی ژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دادەمەزرێنێت تایبەت بە کاراکردنی ژنان و بەگەڕخستنی توانایان و دەرکردنی چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تازەترینی بڕیاری ١٣٢٥ تایبەت بە (ژن ئاشتی و ئاسایش) بوو، جگە لەو ڕێککەوتننامە و راسپاردانەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە بۆ پاراستنی ژنان و گەیشتنی ژنان بە ناوەندەکانی بڕیار و بەهێزکردنی پێگەیان، هەموو

ئەمانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە وەڵامی ئەو پێداویستییە بداتەوە کە زەمینەسازی بکات لە سوودوەرگرتن لە هێزێکی مرۆیی گەورە کە دەتوانێت ئاڵوگۆڕی ڕێژەیی و جۆری لە پرۆسەی بنیادنان و پەرەپێدان دروست بکات و ببێتە هاوبەشێکی بەهێزی پرۆسەی حوکمڕانی و گەلێك بۆشایی و کەموکووڕی نەهێڵێت».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی کاروباری خانمان لە درێژەی رادەربڕینەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی دەبێت خاوەنی فەلسەفەو ستراتیژێکی روون بێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست کە ژنان وەك پیاوان توانای بەشدارییان هەبێت لە تەواوی کایە سیاسی و مەعریفی و ئاکادیمی و لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ...هتد. لایەنی دووەم خودی پارتە سیاسییە بەرکارەکانن کە خاوەنی پێگەو نفووزی سیاسین و خۆیان بەشێکی سەرەکین، یان هاوبەشێکی سەرەکین لە پرۆسەی حوکمڕانی، بۆیە دیدو تێڕوانینی هەر پارتێکی سیاسیی بەشدار یان خاوەن پێگەی بەهێز دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی ئەو دیدو فەلسەفەیەی هەڵگریەتی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیدا و لەویشدا لە ناو بەرنامەو سیاسەتەکانی دەسەڵاتەکان رەنگ دەداتەوە پەیڕەو دەکرێت. لایەنی سێیەم خودی ژنان خۆمانین کە دەبێت لە سیاسەتکردن تێبگەین و سیاسەت وەك ئامراز ئامانجەکانمانی پێ بچەسپێنین، نەك وەك ئەوەی ئێستا باوە پێچەوانە بۆتەوە، ئێمە بووینەتە ئامرازو تەواوی بەهاکانمان لەژێر پرسیاری گەورەدایە. ئایا لە خۆمان پرسیوە بۆ حەز دەکەین ببینە سیاسی، یان نەخێر، تەنیا دەمانەوێت هەروەك لایەنە بەرچاوە باوەکەی پیاوان دەمانەوێت ببینە سیاسی و تەواو، بە بێ ئەوەی بزانین ئێمەش لە ناو ئەم فەزاو سیاسەتە ناپەسەندە دەکەوینە ناو ماکینەی هاڕین و لەباربردنی بەهای ژیانکردن. کەواتە ئایا بە راستی ئێمەی ژنان بە گشتی توانیومانە خۆمان لەو کولتوورو عەقڵییەتە خێڵەکییەکە رزگاربکەین و نموونەیەکی دیکەی سیاسەتێکی تەندروست نیشانی کۆمەڵگەکەمان بدەین؟

ڕابیحە حەمەد عەبدوڵا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/خولی یەکەم کارگێڕی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرەتا خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەوە دەردەبڕێت کە «لە کابینەی نۆیەم جیاواز لە کابینەی پێشوو سێ ژن بەشدارە وەك وەزیر و لە هەمان کاتدا سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان ژنن. « هاوکات دەڵێت: «لێرەوە پیرۆزباییان لێ دەکەم و هیوادارم ببنە نموونەی ژنی سەرکەوتوو لە دەوڵەتداری. « لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا بەشداریی خانمان لە ناوەندی بڕیاردا تا چەند گەندەڵی کەم دەکاتەوە؟ گوتی: دەبێت لێرەدا سەرەتا قسە لەسەر پێناسەی گەندەڵی بکەین. گەندەڵی چییە و لە کوێ و چۆن ئەنجام دەدرێت؟ لە ناو دەزگاکاندا تەنیا کەسێك پێی هەڵدەستێ یان وەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە تێك ئاڵاوە نازانین سەر و کۆتایی لە کوێیە؟ کەی توانیمان ئەمانە هەمووی دیاری بکەین، ئەو کات دەتوانین بڵێین گەندەڵی چۆن کەم دەکرێتەوە، یان کۆتایی پێ دێت. ئەگەر باس لە گەندەڵی لە بەڕێوەبردن بکەین، وەك کەمتەرخەمی، بە دڵنیاییەوە ژنان زیاتر خەمخۆری ئەرکەکانیانن و دڵسۆزانەتر کارەکانیان جێبەجێ دەکەن بە بەراورد لەگەڵ پیاوان، سەرەڕای بەرپرسیارێتی خێزان و منداڵ. لە رووی بەڕێوەبردنی دارایی تا ئێستا لە کوردستان زیاتر ئەم بوارە بەدەست پیاوانەوە بووەو ئەو کەموکورتییەی هەبووە، لە ئەستۆی پیاواندایە و ژن بەرپرسیارێتی ئەوتۆی دارایی لەدەستدا نەبووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر لە ئەستۆی بێت، کەمتر گەندەڵی روو دەدات، ناتوانم بڵێم هەر روونادات، چونکە ژنانیش بەشێکی ئەم کۆمەڵگەیەن و هەندێکجار دەکەونە ژێر کاریگەریی پیاوان و کاریگەریی گەندەڵی، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ پیاوان زۆر کەمترە. ئێستاش لە کابینەی نۆیەم خۆشبەختانە ژمارەیەك لە ژنانی بەتواناو خاوەن ئەزموون بەشدارن و دڵنیاین کە لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئیدارییەکانیان و کەمکردنەوەی گەندەڵی لەناو دەزگاکانی خۆیان سەرکەوتوو دەبن، بەڵام دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین کە دەزگاکانیان لە رووی پارەوە بودجەی زۆریان لەبەردەستدا نییە و سەرچاوەی داهاتی هەرێم لە ژێر دەسەڵاتی ژناندا نییە. بۆیە ئەو خانمە بەڕێزانە تا رادەیەك کاریگەرییان دەبێت لە دەزگاکانیان، بۆیە ئەگەر هەماهەنگی و پلانی حکومەت نەبێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی ئەوا ژنان بە تەنیا ناتوانن گۆڕانکاریی بەرچاو ئەنجام بدەن، بەتایبەتی لە دەزگا سەرەکییەکانی داهاتی هەرێم و خەرجکردنی کە زیاتر بەدەست پیاوەکانە. دەتوانم بڵێم سەرەڕای کەمیی دەسەڵاتی دارایی ئەم دەزگایانەی بەدەست ژنانەوەیە، ئەگەر نموونەیەکی جوانی بەڕێوەبردن و داراییە کەمەکەی ژێر دەسەڵاتیان پێشکەش بکەن و گەندەڵی کەم بکەنەوە، ئەوا دەتوانن ببن بە نموونەی ژنانی سەرکەوتوو، گومانیشم لەوەدا نییە کە سەرکەوتوو دەبن».

**ژنان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە بڕیاری سیاسیدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی بنەماکانەوە بەشدارییان پێ دەکرێت، نەک بەشدار بن بە مانایەکی واقیعی**

**هێشتا هەڵگری کولتوورێکی باوی ناپەسەندین کە مانایەکی پیاوانەی داوەتە سیاسەت وەک ئەوەی تەنیا پیاوان دەتوانن سیاسەت بکەن**

**رۆڵ و ئەرکەکانمان بە رەگەزی کراوە و رۆڵەکان دابەشکردنێکی رەگەزییە لە سەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە باوەیە کە ژن سۆزدارە و بە دڵ بیر دەکاتەوە و ناتوانێت لە ئاستی بڕیاری سیاسی و ئەو ئەرکە گەورەیەدا بێت**

# گەنجێک:

# ستەمی ڕۆژگار نەیچەماندمەوە و زۆر بە گەشبینییەوە لە داهاتووم دەڕوانم

ئەگەرچی پەیامنێری گوڵان داوای لێ کرد، ناوی پارێزراو بێت و بە ناوی خوزراو بەسەرهاتەکەی بڵاو بکرێتەوە، بەڵام ئەو وەك گەنجێکی بوێر، پێداگری لەسەر ئەوە کرد، ناوی تەواوی ئاشکرا بکرێت و وەك خۆی ژیانی رابردووی وێنا بکرێت.

محەمەد جاسم رەشید، لە ١٩٩٣/١١/٢٥ لە شارۆچکەی خورماتوو چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. وەك خۆی باسیکرد، ئەندامی خێزانێکی هەژار و کەمداهات بووە و هەر بەو هۆکارە ناچار بووە، لە تەمەنی منداڵیدا شانی بداتە ژێر باری قورسی ژیان و هاوکات لەگەڵ خوێندن، چەند جۆر کاری دەستفرۆشی بکات.

محەمەد ئەگەرچی گلەیی و گازاندەی لە باوکی زۆرە و ئەو بە هۆکاری چەوساندنەوەی خۆی دەزانێت و تەنانەت ماڵی باوکی لە سەردەمی خوێندنی دواناوەندی بەجێ هێشتووە، بەڵام کۆڵی نەداوە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ستەمی ڕۆژگار نەیچەماندمەوە و زۆر بە گەشبینییەوە لە داهاتووم دەڕوانم». بەمجۆرەش باسی ژیانی رابردووی خۆی و خانەوادەکەی دەکات: «ئێمە خێزانێکی زۆر هەژار بووین، دایکێکی دڵسۆز و زەحمەتکێش و باوکێکی دڵڕەق و دوو خوشك و سێ برا، بەڵام هەژار، تا رادەیەك زۆرجار دایکم نانی وشکی دووبارە هاڕیوە و کردوویەتەوە بە نان، بۆیە ناچار بووم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کار بکەم. کاری قورسم دەکرد و دەشمخوێند. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیم زۆر بە زیرەکانە و نمرەی بەرزەوە تەواو کرد، کە گەیشتمە پۆلی چواری ئامادەیی، وردە وردە نمرەکانم دابەزین، تەنیا هۆکاریشی ئەوە بوو، بەیانیانی زوو تازە ڕۆژ دەردەکەت، سەموونم دەفرۆشت، سەعات ٨ بەیانی خێرا دەگەڕامەوەو چۆرەك و پاقلاوەم دەفرۆشت، سەعات ١٢ی نیوەڕۆ دەهاتمەوە و عەرەبەکانەکەم لە حەوشە دادەنا و زوو جلم دەگۆڕی و چەند کیلۆمەترم بە پێ دەبڕی، تا دەگەیشتمە قوتابخانە، مامۆستاکانیش حاڵی منیان دەزانی و ئەگەر جاروبار دواکەوتبام، لێم تووڕە نەدەبوون، چونکە دەیانزانی بە چ حاڵێك دەخوێنم و سەرەڕای ئەوەش زۆر زیرەك بووم. ئێوارە سەعات چوار و نیو زوو دەهاتمەوە و دیسان بە عارەبانەکەم پاقلاوەم دەفرۆشت تا مەغریب، شەویش دەهاتمەوە و بە پەلە دەورێکی کتێبەکانم دەکرد و زۆر جار بەهۆی هیلاکییەوە لەسەر مەشقکردن خەوم لێ دەکەوت. بەڵام زۆر بەداخەوە باوکێکی زۆر دڵڕەقم هەبوو. هەموو کات ئەوەی بەلایەوە گرنگ بووبێت، تەنیا پارە بووە، تەنانەت ئەو هەموو کارەم دەکرد، یەك فلسی بۆ من نەبوو. مەسرووفی بۆ ماڵەوەش نەدەکرد، کە دەچووە بازاڕ کام میوە و سەوزە خراپ بوایە، ئەوەی دەهێنایەوە. باوکم لەگەڵ هەموومان زۆر توندوتیژ بوو، بەتایبەتی بۆ دایکم زۆر خراپ بوو. بەپێچەوانەوە دایکم کەسێکی خۆڕاگر و دڵسۆز و میهرەبان بوو. هەموومان رێزی زۆری باوکمان دەگرت، بەڵام ئەو تەنیا شتێ کە بۆی گرینگ نەبوو، خێزان بوو. زۆر رەزیل و پارەپەرست بوو. پۆلی شەشەمی دواناوەندی بووم، برایەکەم بە ناوی سەیوان پێشمەرگە بوو، ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٩ لە خانەقین شەهید کرا. هەموومان تازیەبار و خەمبار و چاوبەفرمێسك بووین. هەواڵی شەهیدبوونی سەیوانی برام ماڵەکەمانی کرد بە دۆزەخ، ئازارەکە ئەوەندە قورس بوو، هەر دوای چەند کاتژمێرێك دایکم جەڵدە لێی دا و ئەویش وەفاتی کرد. پرسەی دایکم و برام پێکەوە بوو. دنیا بەسەر مندا رووخابوو. ئەژنۆم شکابوو.



**لە هەموو کۆمەڵگەیەك ئاست و شێوازی ژیانی تاك جۆراوجۆرە و ئەوانەشی کە رووبەڕووی زۆر تەنگ و چەڵەمەی دژواری ژیان دەبنەوە، ژمارەیان کەم نییە. ئاریشەکانی دابینکردنی بژێویی ژیان زۆرن و هەر کەس بە جۆرێك دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکات. کۆمەڵگەی کوردستانیش بەدەر نییە لەو هاوکێشەیە و هەر چین و توێژێکیش کێشە و گرفتی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە چیرۆکی سەرکەوتنی ئەو کەسانەیە کە بە سەر ناهەمواریيەکانی ژیاندا زاڵ دەبن و هەوڵ دەدەن داهاتووی خۆیان بگۆڕن. گەنجێکیش بەسەرهاتی ژیانی تفت و تاڵی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گولان دەگێڕێتەوە.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

ئازیزترین کەسەکانم لە دەست دابوو. کەچی ناخۆشترین مەوقیفم لە باوکم بینی.. باوکم لە دووەم رۆژی پرسەکەی دایکم و برام کە پێکەوە لە یەك رۆژدا بۆ هەمیشە بەجێیان هێشتین، چوو مووچەی خانەنشینییەکەی وەربگرێ و هەرچی میوان بوو بەجێی هێشت. من ئەو کاتە شتێك نەمابوو بە ناوی ژیان لە لام مانای هەبێت، وام لیٚهاتبوو شەو و رۆژم بۆ نەبوو، زۆربەی کاتەکان بە شەو دەچوومە گۆڕستان و لە تەنیشت مەزاری دایك و برام دادەنیشتم و دەگریام. باری دەروونیم زۆر تێکچووبوو. بەتایبەتی کە ئەو کۆستە جەرگبڕە هێشتا ٤٠ رۆژی تێنەپەڕاندبوو، باوکم ژنی دیکەی هێنا. من چیدی تاقەتم لیٚ بڕا، ماڵەوەم بە تەواوی جیٚهێشت. بە هەزار چەرمەسەری پۆلی شەشم تەواو کرد و و لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە وەرگیرام. دوو ساڵی خوێندنم لەویٚ تەواو کرد، بەڵام هەموو پەیوەندییەکانم بە خێزانەکەمەوە پچڕاند، تەنانەت خوشك و براکانیشم، چونکە لەو کاتە زووەدا ئەوان پشتگیری باوکم بوون، کاتیٚ هاوسەرگیری کردەوە».

محەمەد، ئێستا گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵە، ئەگەرچی هەوراز و نشیوی زۆری لە ژیانی خۆیدا بینیوە، بەڵام ئێستا کارمەندێکی کەرتی تایبەتە و داهاتی خۆی هەیە و بە گەشبینییەوە لە داهاتوو دەڕوانێت و هەر لەو بارەیەوە وەك دوا وتەی دەڵێت: «هەموو کات هیوام ئەوە بوو کە بگەمە لوتکە، بەڵام رێگرێکم دەهاتەپێش، ئێستاش لە ژیانێکدام نازانم قەدەر و رۆژگار چیدیکەی بۆ ئامادە کردووم، بەڵام کۆڵ نادەم و پشتم بە خۆم بەستووە و هەوڵ دەدەم بە سەر هەموو کێشەیەکدا زاڵ بم. لە هەر جێگەیەکیش بوویێتم، شوێن دەستم دیار بووە و هەموو کەسەکانی دەوروبەرم خۆشیانویستووم، بۆیە دوا پەیامم بۆ گەنجان ئەوەیە کە بڕوایان بە خۆیان هەبێت و پشت بەخۆیان ببەستن و میهرەبانی بڵاوبکەنەوە، دڵنیابن سەر دەکەون».